" وەرگێڕ: مەبەست لەم وەرگێڕانانە، هەم ئاگا کردنەوەی خوێنەری کوردە لە بیر و بۆچونە جیاوازەکانی خەلکانی وڵاتانیتر و هەم دیتنی پشتی ڕوداوەکانە و وەرگێڕانی هەر مەقالە یا مەتلەبێک، ئیلزامەن بە مانای دروست یا غەلەت، قەبوڵ یا ڕەدی بیر و بۆچونی ئەو نوسەرانە نیە! ئەگەر کەم و کوری و ئیشکالاتێکیش لە تەرجومەکەدا دەبینرێت یا بم بورن، یا تکایە لەو هەڵانە ئاگادارم کەنەوە! سپاس" rahmayub@yahoo.de

# بەرەو بنیاتنانی حیزبە کرێکاریە ئینتێرناسیۆناڵە نوێکان



**نوسینی: ئاڕۆن ئام، 10.11.2006**

**وەرگێڕانی: ئەیوب ڕەحمانی، 4ی جۆزەردانی 2707**

وەرگێڕ: هەر وەک لە سەریشەوە وتومە و ئێستاش تەئکید دەکەمەوە کە ئەم نوسراوە بیر و بۆچونی بەس نوسەر خۆیەتی و من بۆ ڕۆشنگەری و ناسین و خوێندنەوە وەرمگێڕاوەتە سەر کوردی!

بە دوای بنیاتنانی حیزبی هەڵبژاردنی ئاڵتێرناتیڤی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و کار WASG و ئەو چاوەڕوانیەی کە بۆ پێکەوە کار کردن لە گەڵ حیزبی چەپی ئاڵمان PDS هاتۆنەتە گۆڕ، پرسیارێک بە هەمو تواناوە دێتە پێشەوە: کرێکاران، بێکاران و لاوان پێویستیان بە چ حیزبێکی چەپ هەیە؟ کام بەرنامە و پەیڕەو و پرۆگرام، کام سیاسەت و کامە چوار چێوە پێویست و زەڕوریە؟

ئەم پرسیارانە بەس لە ئاڵمان نایەنە پێش، بەڵکو لە هەمو جیهان. خاوەنکار و سیاسەتمەدارەکان لە هەمو شوێنێکی جیهان دەسکەوتە کۆمەڵایەتیەکانیان ژێر پێ ناوە، حەقدەستەکانیان کەمکردۆتەوە، زۆربەی کرێکارانیان لە سەر کارەکانیان دەر کردوە و خۆیان تا بێخی دیانیان بە چەک و چۆڵ و سەرمایە بەهێز کردوە. کرێکاران و زەحمەتکێشان کە زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی جیهان لە خۆیان دەگرن پێویستە لە هەمو کوییێک خۆیان بۆ ئەو حیزبە تەرخان بکەن کە پشتیوانی بێ ئەم لا و ئەو لا لە داخوازیە سیاسیەکانیان دەکات، تێکۆشان و هەڵسورانەکانیان پێکەوە گرێدەدات و هەروەها وڵامی دروستی دژی کردەوە نامرۆڤایەتیەکانی نیزامی سەرمایەداری پێیە.

لە وڵاتانی وەک سکاتلەند و بڕێزیل، حیزبی چەپی نوێ سەریان هەڵداوە کە لە جوڵانەوە ئێعتێڕازیەکان دەوریان گێڕاوە و نوێنەریان لە پاڕلەمان هەیە. لە بریتانیا و بلژیک لە حالی حازردا دروستکردن و بنیاتنانی حیزبێکی نوێ لە ناو سەندیکاکان و تێکۆشەرە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوەێکی جیدی قسە و باسی لە سەر دەکرێت. لە ئیتالیا و هۆڵەند لە ناو تەشەکولە کۆن و جێکەوتوەکاندا لە مێژە ئەم قسە و باسانە دەکرێن و بەردەوام بون و

گرنگیان پێدەدرێت.

## سۆسیال دیمۆکراسی

دەیان ساڵە کە سۆسیال دیمۆکراتەکان (لە هەندێ وڵاتیش حیزبە کۆمۆنیستەکان) هێزێکی خاوەن دەسەڵات و قسە و باس بون لە ناو جوڵانەوە کرێکاریەکاندا. ئەمە ئێستا ئیتر بە مێژو سپێردراوە. سۆسیال دیمۆکراتەکانی ئاڵمان لە ساڵی 1990ەوە تا کو ئێستا لە 950000 ئەندام، 400000 ئەندامیان لە دەست داوە. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1995ی مەجلیسی نوێنەرانی ئاڵمانی فیدراڵ، 2300000 (دو میلیۆن و سێسەدهەزار) دەنگیان لەدەست دا. لەو کاتەوە کە ئەم حیزبە لە ساڵی 1945 پرۆگرامەکانی بە شێوەیکی بەرچاو گۆڕی، ئیتر ڕادەی پەیوەندی کرێکاران و بێکاران لە گەڵ ئەم حیزبە ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ کەمتر دەبوەوە. لەم جۆرە نمونانە لە وڵاتانی تریش زۆر دەبیندرێن. بۆ نمونە New Labour لە وڵاتی بریتانیا لە نوێترین هەڵبژاردنە مەنتەقەیەکان، گەورەترین دۆڕاندن و زەرەری لە هەڵبژاردنەکان، کە لە 30 ساڵی ڕابوردوەوە تا کو ئێستا نەدیترابو، لێکەوتەوە. لە ساڵی 1997ەوە کە تۆنی بلێر لەم حیزبەوە بو بە سەرۆک وەزیرانی بریتانیا، 200000 ئەندام لە 400000 ئەندام کەم بونەوە و وازیان لە New Labour هێنا.

ئەگەر چی کە بەڕێوەبەرایەتی ئەم حیزبانە ئەو کاتیش لە شێوەی سەرمایەداری بون، بەڵام دەیان ساڵ بو کە ئەم حیزبانە لە ناو چینی کرێکاردا بنەمایێکی بە هێزیان بو و زۆر کەس بە حیزبی خۆیانیانی دەزانی. بەڵام بە شوێن ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە 15 ساڵی ڕابوردوەوە سەریان هەڵدا وەکو، سەرهەڵدانی دوبارەی ئابوری بازاری ئازاد لە وڵاتانی ئوروپای ڕۆژهەڵات، کز کردنی چەپ و هێرشی نیئۆلیبرالەکان، ئەم حیزبانە بە تەواوی خەڵکیان لێ دورکەوتەوە.

قەیرانی سەرمایەداری هەر دێت و قوڵتر دەبێتەوە. شەڕی پەیداکردنی بازاری نوێ و وزەی کاڵ هەر دیت و گەورەتر و قەیرانیتر دەبێتەوە. بەڕێوەبەرانی کارخانە گەورەکان و قازانج دروستکەرەکان، ڕێگایێکی سەختیان گرتۆتە پێش، هەر بەم پێیە موقاوەمەت و شۆڕشیش سەختتر و چۆتە قۆناخێکی نوێتر و سەختترەوە.

## حیزبە چەپە نوێکان

سەرهەڵدانی تەشەکولهایێکی کرێکاری کە پشتیوانی لە چینی کرێکار بکاتن، لە سەر کار، لە ناو سەندیکاکان و ئەوانەی کە لە زۆربەی بەشەکانی تری شار دابەش بون و دامەزراون، هێشتا لە سەرەتای دەستپێکردندان. دروست کردنی نوێنەرێکی ڕاستەقینە بۆ چینی کرێکار و بۆ بێکاران، بە دوا تێپەڕاندنی پرۆسەیێکی دور و درێژدا دروست دەکرێت و بە سەرئەنجام دەگات، ئەم پرۆسەیە هەنۆکە ماوەیێکی کورتە دەستی پێکردوە.

دو سال لەمە پێش لە وڵاتی برێزیل حیزبی بۆ سوسیالیزم و سەربەخۆیی (P–SOL) پێی نایە ژیانەوە. ئەو حیزبە لە لایەن مەجموعەیک لە کۆنە چەپە شۆڕشگێڕەکان، ڕێکخراوە سۆسیالیستیەکان، و لە ئەندامە کۆنەکانی

حیزبی کاری برێزیل (PT) دروست کراوه، که له گەڵ Lula da Silva (سەرۆک کۆماری ئێستای برێزیل) له ناو حکومەتدا سیاسەتێکی نیئۆلیبراڵی دەبەنە پێشەوە. هەر وەها له کاتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری، ئەندامی P–SOL هێلۆیزا هێلێنا بەس 6.85 دەرسەدی هێنابوەوە و له واقیعدا بۆ ئەوەی که له ساڵی 2004 ڕێگای خۆ کاندید کردن به P–SOL بدرێت، ئەندامەکەنیان توانیبویان به کۆکردنەوەی 800000 ئیمزا توانای خۆ کاندید کردن بەدەست بێنن.

له وڵاتی سکاتلەند حیزبی تازه له دایک بو به ناوی حیزبی سۆسیالیستی سکاتلەند(SSP) توانی 6 کورسی پاڕلمانی به دەست بێنن. ڕۆڵی بەرچاو بۆ ئەم سەرکەوتنه ئەو هەڵسوڕاوانه گێڕابویان که 15 ساڵ پێشتر کەمپینهایکی دژی یەکسانی ماڵیاتیان له وڵات وەڕی خستبو. (وەرگێڕ: یەکسانی ماڵیات دەڵێت که هەمو کەسێک به بێ له بەر چاو گرتنی داهاتی، زۆر بێت یا کەم، به یەک ئەندازه ماڵیات دەبێ بدات!) تۆمی شێریدان، به ناو بانگترین و ناسراوترین ئەندامی SSP که به بۆنەی کەمپینه دژی ماڵیاتەکان خرابوه زیندان، ڕێک به دوای هاتنه دەر له زیندان، له شارەداری گلاسگۆو گەورەترین شاری سکاتڵەند دەستی به کار کرد و دواتریش بۆ پاڕلێمانی سکاتڵەند هەڵبژێردرا.

ئەم حیزبه لاوه (SSP) هەر زۆر زو توشی قەیرانێکی قوڵ بو. دەلیلی سەرەکی بۆ ئەم قەیرانه ئاڵ و گۆڕه فیکری و سیاسیەکانی ڕێبەری حیزبەکه بو، له بەر ئەوەی که خەیاڵاتی سکاتلەندێکی سەربەست و سەربەخۆی له ناو بنەما فیکریەکانی سەرمایەداریدا دەبینیەوه. هەر بۆیه کۆمەڵێک ئاژاوه و دوبەرەکایەتی و کێشەی شەخسی خۆیان کێشایه ناو حیزبەکه. ئاکامەکەی ئەوه بو که هاوینی ئەمساڵ(2006) حیزبەکه بو به دو کەرتەوه. له ژێر مەسئولیەت و بەڕێوەبەری نوێنەری مەجلیس تۆمی شێریدان و ڕۆژماری بیرنێ و هەروەها به بەشداری ئەندامانی (CWI) نۆهەمین کۆنگرەی جیهانی، کۆمیتەی کرێکارانی ئینتێرناسیۆنال، جوڵانەوەی سوسیالیستی سکاتلەند(SSM) له دایک بو. که له کۆنفڕانسی دامەزراندندا 600 کەس بەشداریان کردبو.

## کۆبونەوەکانی حیزبه کرێکاریەکان

بۆب کرۆو، سەرۆکی گشتی سەندیکای کرێکاری ڕێگای ئاسنی بریتانیا RMT، له مانگی ژانویەی ئەمساڵ(2006) هەموانی بۆ کۆنفڕانسێک بانگ هێشت کرد، بۆ ئەوەی که له سەر New Labour و هەندێک بابەتی نوێ و لەوانه حیزبێکی کرێکاری نوێ قسه و باس بکرێت. زیاتر له 300 کەس بەشداریان لەم کۆنفڕانسەدا کردبو. 3 مانگ دواتر سەدان کەس له کۆنفڕانسێکی هەر لەم بابەتەدا و له مەڕ دروست کردنی حیزبێکی کرێکاری بەشداریان کرد. له ناو ئەم بەشدار بوانەدا چەندین کەسایەتی له ناو ئەندامانی هەیئەتی مودیریەتی سەندیکا نەتەوەیەکان(nationaler Gewerkschaften)، شارەداریەکان و ئەندامانی CWI، هەروەها داڤه لێنیست که له هەشتاکاندا به شێوەی ژێر زەوینی و شاراوه کاری سیاسی دەکرد و کۆمەڵێکی بەر چاو له هەڵسوراوه مەدەنی، کۆمەڵایەتی و سەندیکایەکان بەشداریان کردبو. ئەم کۆنفڕانسه وەزیفەی داهاتوی خۆی له سەر ئەمه دیاری کرد، که لەمه به دوا بیر له دروستکردنی حیزبێکی نوێی کرێکاری بکرێتەوه، دەلیل و ڕێگای بۆ بدۆزرێتەوه و کۆبونەوەی بۆ وەڕێ بخرێت و هەروەها ئیمزای بۆ کۆ بکرێتەوه.

له بریتانیا هەروەها به سەرپەرەستی نوێنەری پاڕلەمان جۆرج گالۆوای تاکتیکێکی نوی به ناوی ڕێسپێکت به

واتای ئیحتیرام خوڵقاوە. جۆرج گالۆوای لە هەڵبژاردنە مەنتەقەیەکانی مانگی مای ئەمساڵ(2006)، 16 پۆستی شارەداریەکانی بردەوە. خاڵی قورسایی ئەم تاکتیکە کە ناوی ڕێسپێکتی لێ نرا، پشتیوانی لە کەمایەتیە موسوڵمانە (بە ڕەچەڵەک خاریجی) کانی 16 مەنتەقە بو کە زۆرینەی ئەم مەنتەقانە موسوڵمانیان تیا نیشتەجێ بوە، کە دوازدە مەنتەقەیان لە تاوێر هاملێتسی لەندەن هەڵکەوتون.

لە وڵاتی بلژیک بە دوا دو دانە مانگرتنی سەرتاسەری لە دوازدە مانگی ڕابوردودا و 18 ساڵ بەشداری سۆسیال دیمۆکراتەکان لە ناو حکومەتدا و هەروەها سەرهەڵدانی کەسایەتی ڕاستی توندڕەو وەکو ڤلامس بێلانگ (نەک بە هۆی نەبونی جولانەوەیکی ئالتێرناتیڤی چەپی بە هێز) بانگەوازێکی بە هێزی کەسایەتیە چەپەکان لە ژێر شیعاری "سیاسەتێکی دیکە لازمە، سیاسەتێکی دیکە مومکینە" کرا. دەستپێکی ئەم ئیبتیکاری عەمەلە یەکەم جار لە لایەن جێف سلێخس (21 ساڵ نوێنەری پارلمان بۆ سۆسیال دیمۆکراتەکان)، لۆد ڤانوتریڤ (5 ساڵ نوێنەر لە پارلمانی ئوروپا بۆ سۆسیال دیمۆکراتەکان) و هەروەها جۆرج دیبونە بەڕێوە بەری درێژماوەی سەندیکای کرێکاری ABVV/FGTB و یەکێک لە تیئۆریسیەنەکانی سۆسیال دیمۆکراتەکان بون. لە ناو ئەم جولانەوە کرێکاریە نوێیەدا دەبێت پێش کۆتایی هاتنی ساڵ (2006) هەڵبژاردنێک لەمەڕ چۆنیەتی وابەستەگیە سیاسیەکانیان بکەن. بە دوا کۆمەڵێک قسە و باس کە نوێنەری کرێکارەکان پێکەوە کردیان و کۆمەڵێک کۆبونەوە لەم بارەوە کرا، بڕیار درا کە کۆبونەوەیکی هەمەلایەنە و گشتی لە 28ی ئۆکتۆبر ڕابگەێنن، بۆ ئەوەی کە لەوێ جولانەوەیکی سیاسی دژی نیئۆلیبرالەکان دەست پێبکەن.

لە وڵاتی فەڕانسا ئیبتیکاری عەمەلێک بۆ دروست کردنی حیزبێکی کرێکاری نوێ زۆر لە مێژە بە سەر چوە. موقاوەمەت و بەرگری دژی گۆڕانی یاسای پارێزگاری دەرکردن(ئیخراج)، خۆ پیشاندانە یەک لە دوا یەکەکان دژی لێپێن و فاشیستەکانیتر، هەروەها دە دەرسەد بۆ هەر دوک کاندیداتۆرەکانی ترۆتسکیستەکان لە لایەن LO و هەروەها LCR لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ساڵی 2002 ئەو پتانسیێەڵەیان لە خۆیان نیشان دا، بەڵام بە داخەوە تاکو ئێستاکەش نە LO و نە LCR یش هەنگاوێکی بە کەڵک و کۆنکرێتیان لەم بارەوە هەڵ نەگرتوە.

## ئاسۆکان و دورنەماکان

لە پاڵ ئەم دروست کردنی حیزبی نوێیانە و ئەم کەمپین و خۆپیشاندانانە، جار و بار حیزبهایێکیش پەیدا دەبن کە مێژوێکی دور و درێژیان هەیە و مەرکەزێکی جێگای باوەڕیان بۆ کرێکاران و لاوان پێک هێناوە. ئەم مەزیەتانە لە ئیتالیا زۆرتر RC لە خۆی دەگرێت کە لە حیزبی کۆمۆنیستی کۆنەوە سەرچاوەی گرتبو. لە وڵاتی هۆلەند جەڕ و بەحسەکان و قسە و باسەکان لە ناو حیزبی سۆسیالیستی ئەوێ کە حیزبێک بو بە بنەمای مائۆئیستی، شکەستی خوارد.

لە مانا و تێگەیشتنێکی بڕیار دەرەوەوە لە کاتەکانی داهاتودا ئێمە دەبێت بەشهایێک لە چینی کرێکار پێک بێنین، کە هەڵسوراو بین، خۆمان سیاسی کەینەوە، خۆمان بونیادی و ڕیشەیی بکەینەوە، و نەتیجەی نیهایی وەرگرین. جار و بار و بەتاکە کەس لە موبارێزە سەر هەڵ بێنین و پاشان لە ئەوەڵەوە لە گەڕەک و لە مەنتەقە، و پاشانیش لە سەتحی حکومەتدا قەرار بگرین و یا لە ناو کاندیداتۆرەکاندا بین. لە لایێکی ترەوە دەبێت ڕێبەری جولانەوە کرێکاریەکان، بەڕیوەبەرانی مانگرتنەکان و سەندیکاکان حیزبی سیاسی نوێ دروست کەنەوە و

بەڕێوەی بەرن، هەمو پێکەوە یەکدەنگ ببنەوە. باش وایە کە لە لەت بونی سۆسیال دیمۆکڕاتەکان دەرس و تەجروبە وەرگرین و ئیتر تخونیان نەکەوین، بۆ ئەوەی کە ئەوان ئێستا ئیتر خاڵی لە مانان. بە زۆر دەلیلی تایبەتەوە پێکەوە گرێ خواردنی حیزبە سۆسیالیستەکانی ئەمڕۆ، بە شەرتێک کە ئەوان هێندێک بنەمای باشیان هەبێت، دەتوانن پێکەوە ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕن. بە دڵنیایەوە ئەمانە هەر وا بە ئاسانی ناکرێن، بەڵکو بە دوا ڕێگا و پڕۆسەیێکی دور و درێژ و پڕ لە چەرمەسەری ئەم مەبەستانە دەگەنە ئەنجام، هەر بۆیە دەبێت کاریان بۆ بکرێت.

بە بۆنەی ئەوەوە کە ئێستا سەرمایەداری خۆی لە فازێکی دۆڕاودا دەبینێت، و ڕیفۆڕمیستەکان مەیدانێکی زۆر کەمیان هەیە بۆ مانۆڕ و کار و خۆ نیشاندان، هەر زۆر خێرا حیزبە چەپە نوییەکان ئاڵتێرناتیڤێک دەکەوێتە سەر ڕێگایان، یا دەبێت موقاومەتێکی موسەمەم و بە ئیمان ڕێکبخەن، یا خۆ دەبێت لە سەرەوە ئیرادە بکەن و ببنە ئەهرومی فشار لە سەرەوە.

SAV و ڕێکخراوە دەستە خوشکەکانی(هاوبیرانی) خۆیان بۆ ئەم مەبەستە بە هێز دەکەن، لە بەر ئەوەی کە نەتیجەیێکی باشتر لە ڕکود کردنی حیزبە سۆسیال دیمۆکڕاتەکان و حیزبە کۆمۆنیستە کۆنەکان وەدەست خەن. دۆڕاندن و ڕکودی ئەوان بە دوا قەبوڵکردنی سەرمایەداری و پشت کردن لە سۆسیالیزم بە دەستی خۆیان دەستی پێکرد. لە پێشدا دەبێت سیاسەتی واقیعی ڕەچاو بکەین، ئەوجار بچینە ناو بەرنامەوە. لێرەدا دەبێت دەرسەکان وەربگرین و بەکاریان بێنین. ئەو حیزبانە زەڕورن بێن لە گەڵمان کە ئامادە بن لە بەرانبەر حاکمەکان و جابرەکان خۆڕاگری و موبارزە بکەن. پڕۆگرامێکی سۆسیالیستی بۆ ئەم حیزبانە پێویستە.

کورتەیێک لە سەر WASG:
WASG واتە هەڵبژاردنی ئاڵتێرناتیڤی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و کار، حیزبێکی چەپی ئاڵمانیە. خۆیان لە جەریانی ساڵی 2004 دا، لە حاڵێکدا کە زۆربەیان ئەندامەکانی ڕەخنەگری سۆسیال دیمۆکراتی حاکمی ئاڵمان و ئەندامانی سەندیکا کرێکاریەکانن، کە لە ئەوەڵەوە بە ناوی ئیتیحادیەی، هەڵبژاردنی ئاڵتێرناتیڤی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و کار (Wahlalternative Arbeit und soziale Gerechtigkeit e.V.) دەستیان بە هەڵسوران کرد و پاشان لە بروارى 22ی ژانویەی 2005 تاسیس و بنیاتنانی حیزبیان ڕاگەیاند.

سەرچاوە: http://www.sozialismus.info/?sid=1811